**گەشت**

لە دەستووری برادۆست ـدا هاتووە کە،

فێرگە بۆ بارهێنانی مرۆڤێکە

- توانا و بافەرهەنگ، فرەزان و داهێنەر
- مرۆڤدۆست و دیمۆکرات: میللەتدۆست و ژنپارێز
- وەڵاتپارێز و ژینگەپارێز
- هونەردۆست و زانستپەروەر
- کارا: کارامە و دڵسۆز، هاوکار و پەرۆش

گەشت، یەکێکە لە دەروازەکانی گەیشتن بەم ئامانجانەی سەرەوە، لە ماوەی دوو ساڵی تەمەنی برادۆست ـدا، گەشت، سەرگەی پلان و سەرشاری کارمان بووە. گرنگییەکەی ئەوەندە ئاشکرا و بەردیدی هەیە، کە هەر لە فێربوونی ڕۆیشتن بە ڕێگەدا دەستپێدەکات تا دەگاتە ناسینی سروشتی وەڵات و هەستکردن بە شانازی لای فێرخواز. لە سەرەتای کار و لە ڕووی کاتەوە دوو شێوازی گەشتمان پەیڕەو کردووە:

- گەشتی یەکڕۆژە، بۆ نموونە، گەشت بۆ فەرمانگەکان، فێرگەی حکوومەتی، لادێ نێزیکەکان و ...هتد. ئەم شێوازەش بەرنامەی هەفتانەیە و لە ڕۆژێکدا ئەنجام دەدرێن بۆ شارەزابوونی منداڵان لەسەر شێوازی کاری فەرمانگەکان، خوێندنی وانەیەکی تایبەت و گوزەرانی فێرگە، لێکۆڵینەوە لە دیاردەیەکی سروشتی، پیادەڕەوی، ناسینی کەلوپەلی فۆلکلۆری و فەرهەنگی دێهات.
- گەشتی چەندڕۆژە، لە سەرەتای دەوامەوە شوێنی مەبەست دیاری دەکرێت و دەکرێتە پرۆژە، گەشتێک بە مەبەستی ئاشنابوون بە سروشت، فەرهەنگ، مێژوو و شوێنەوار ساز دەکرێت، ئەم شێوازە ساڵانە ئەنجام دەدرێن.

بەپێی ئەم بەرنامەیە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2013.04.10 گەشتێکمان سازدا بۆ شاری کۆیە لەگەڵ فێرخوازانی پۆلی سێهەمی فێرگەکەمان، گەشتەکەش چەند ئامانجێکی ئەنگێوت:

❖ متمانە بەخۆبوون و شکاندنی ترسی مانەوە دوور لە دایکوباوک و دوورکەوتنەوە لەو نازە زیاد لە پێویستەی لە ماڵ پێی دەدرێت. ئەمەش بە ڕوونی لە گەشتەکەدا هەستی پێدەکرا، هەموویان بەرپرس بوون لە نانخواردن، قاپ و سفرە پاککردنەوە، جلوبەرگ گۆڕین، ددان شوشتن، جێگەڕاخستن، خۆداپۆشین، لە خەوهەڵسان و ئامادەبوون و ...هتد.

❖ دەرک کردن بە گرنگی گەشت لە ڕوانگەی ئەزموون و فێربوونەوە. «ئەم شێوازەش بەجۆری دیکە لە فەرهەنگی خۆماندا بوونی هەیە، (نموونەش «فەقێیایەتی» لەم ڕووەوە دەتوانین ئەزمون لەوان وەربگرین). لە گەشتەکەدا هەموو منداڵەکان ڕاپۆرتی ڕێکوپێکیان لەسەر شوێن و ئەو دیمەنانە نووسی کە بینیان، بێگومان ئەمەش ئاسۆی بینینی منداڵ بۆ تێگەیشتن، لێکدانەوە و لەسەردوانی سروشت و دەورووبەر فرەوان دەکات»

❖ دروست کردنی پێوەندی هاوڕێیەتی تازە و دوورکەوتنەوە لە گۆشەگیری. «منداڵەکان سەرەڕای ئەوەی ڕۆژانە لەکاتی سەردانکردنی شوێنەکان دەبووایە دەستی یەکتری بگرن و بە گرووپ کار بکەن، شەوانەش بۆ خەوتن دەبووە هاوسێی چەند فێرخوازێک کە ڕەنگە پێشتر ئاشنایان نەبووبێت، ئەمەش هاوڕێیەتی تازەی لێ دەزێت و فێریان دەکات لەگەڵ کەسانی نامۆ و جیاواز ڕەفتاری مرۆڤدۆستیان هەبێت»

❖ خۆشەویستی خاک و درووستبوونی هەستی شانازی کردن بە جوانی وەڵاتەوە. «منداڵەکان سەریان سڕما لە جوانی و شوێنەوارەکانی کۆیێ دەیانگووت پێمان وا نەبووە چەند کیلۆمەترێک دوور لە شاری خۆمان شوێنی وا ڕەنگین هەبێت».

❖ پاراستنی ژینگەی وەڵات. «لە زۆربەی ئەو شوێنانەی سەردانمان کردن منداڵەکان کیسەی تایبەتییان پێ بوو بۆ پاککردنەوەی شوێنەکە، گوێم لە کۆمەڵێکیان بوو لە مەربێنە قەدیشە دەیانگووت تاوانە ئەو شوێنە جوانە بەو شێوەیە پیس کراوە!»

❖ بەیەکەوە ژیان و سەلماندنی جیاوازییەکان، «لە کۆیێ سەردانی چەند جێگەیەکی تایبەت بە کریستیانیەکان (مەسیحیەکان)مان کرد و لە کڵێسای هەرمۆتە، شەمماشە ڕوونکردنەوەی پێویستی دا بە منداڵەکان سەبارەت بە ئایینەکەیان، باسی هاوخاکی، هاومێژووی و هاوسۆزی بۆ کردن لەگەڵ کوردانی موسوڵمان»

❖ ئاشنابوون بە شێوەزاری دیکە. «لە کۆیێ دیالێکتی جیاوازی قسەکردنیان گوێ لێ بوو، منداڵەکان چەندین وشەیان نووسی کە جیاواز بوو لە شێوەزاری قسەکردنی ئەوان و لە ڕاپۆرتەکانیاندا ئاماژەی ڕوونیان بەو خاڵە داوە»

❖ بەرگەگرتنی بارودۆخی نالەبار و خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی پێشبینی نەکراو. «لە کاتی خەوتنیان دەبوایە بە چەند کەسێک یەک دۆشەک ڕابخەن و یەک بەتانی بە خۆیاندا بدەن و جلەکانیشیان بکەن بە سەرین، ئەمە جگە لەوەی هاوکاری و یارمەتی بوو بۆ ئەو هاوڕێیانەیان کە کەلوپەلی پێویستیان بیرچووبوو»

❖ شانازی کردن بە مێژوو و شارەستانی وەڵاتەوە. «لەکاتی سەردانکردنی قشڵە و خانە و گەڕەکە کۆنەکانی کۆیێ، ئەوەم لە منداڵەکان بیست و هەستپێکرد کە تامەزرۆی بینینی ئەو وەستایی و دەستڕەنگینیەن کە باپیرانیان هەیان بووە، هەروەها بەردەوام داوای ڕوونکردنەوەیان دەکرد لەسەر مێژوو و وەستایانی ئەم نەخشانە»

❖ ئاشنا بوون بە مێژووی خوێندن و ڕۆشنبیری. «(لای مزگەوت و ماڵەکەی مەلای گەورە، باسی گەورەیی ڕۆڵی مامۆستایان بۆ کرا لەسەر خوێندن و ڕۆشنبیری شار و کاریگەری کارەکانی، پرسیاری ئەوەندە کەمەرشکێنیان دەکرد دەربارەی مامۆستا ناچاربووین یەکێک لە ئاشنایانی کار و بنەماڵەی مەلای گەورەیان بۆ بانگهێشت بکەین بۆ ڕوونکردنەوە و باس کردن»

بەگشتی گەشت کردن دەبێتە هۆی ئاوەڵابوونی بیری منداڵ، ناسینی دەورووبەر، تێگەیشتن لە دیاردە سروشتی و دەستکردەکان، دروستکردنی وێنای بەرز بۆ ئایەندە و بژوێنەری منداڵانە بۆ بیرۆکەدانان و پیادەکردنی ئەوەی لە بیریاندایە، هاوکات بەسەربردنی کاتێکی خۆشە لای منداڵان.

ئاوارە کاوسێن

30-04-2013

ڕانیە - کوردستان